






# فەیسبوک و کامێرا (٣٦٠)ەکانی

فەیسبووک گەرچی وەك بەهێزترین تۆڕی کۆمەڵایەتی ناسراوە، بەڵام لەم ماوەیەدا هەوڵی داوە تەنیا چالاکییەکانی لەو تۆڕەدا نەبەستێتەوە، بەڵکو خەریکی بەرهەمهێنانی ئامێری دیجیتالیش بێت.. نوێترین ئامێری کۆمپانیای فەیسبوک دوو جۆر کامێرای ٣٦٠ن کە بە x6 و x24 ناسراون.

دەکرێ ئاماژە بەوە بکەین کە کامێرای ٣٦٠ جۆری X24 گەورەترین کامێرایە لە جۆری خۆیدا کە بە ٣٦٠ پلە وێنە دەگرن.. کامێرای ٣٦٠ پلەیی کارکردیان بەمجۆرەیە لە یەککاتدا لە هەر چوارلای خۆیان وێنە دەگرن و وێنەکان دەبن بەیەك وێنە.. ئەوە تەنیا لە سەر کۆمپیوتەر یان شاشە دەتوانی سەیری بکرێت.. کامێرای X24 لە ٢٤ کامێرا پێکهاتووە.

بەپێی ئەو زانیاریانەی لەلایەن فەیسبوك بڵاوبۆتەوە، بە سوود وەرگرتن لەو کامێرایانەی ئاماژەمان پێدان دەکرێت لە کاتی فیلم هەڵگرتنەوەدا جوڵە بکەی و لە هەموو لاوە دیمەنەکان ببینی.. کاتی سەیرکردنی فیلمەکان بینەر وا هەست دەکات لە ناو جەرگەی دیمەنەکاندایە.

# کیبۆردێکی تایبەت بە یادی جاران

ئەگەر شریتی زەمان بۆ دواوە بگەڕێینەوە دەبینین هەتا بیست ساڵ لەمەوبەر ئەوەی کاری کۆمپیوتەری دەکرد «تایب» بوو.. تایب ئەو ئامێرەیە کە خزمەتێکی زۆر گەورەی بە مرۆڤایەتی کرد و ئەگەر ئەو نەبا ژیان ئەوەندە پێشنەدەکەوت چونکە بەهۆی تایبەوە بوو کە کتێبخانە و کتێب بە فرەیی بڵاوکرانەوە..

لەم رۆژانە بە یادی تایب کۆمپانیایەك هاتووە کیبۆردێکی بەرهەم هێناوە کە زۆر لە تایب دەچێت، بەکارهێنەر دەبێت تەبلێت یان مۆبایلەکەی بخاتە ناو کیبۆردەکە و بەکارهێنەر وەك تایبی پێشوو تایب بکات. کیبۆردی جۆری penna لەگەڵ زۆربەی سیستەمەکانی ویندۆز، ئەندرۆید و iOS دەگونجێت و یادی جاران زیندوو دەکاتەوە.

کیبۆردەکە بەهۆی بلوتوسەوە بە ئامێرەکان پەیوەند دەدرێت، لە یەك کاتدا دەکرێت لەگەڵ ٥ ئامێر لە پەیوەندی دابێت، لە هەمووی گرنگتر دەستەیەك هەیە (یەدە) وەك ئەوەی تایب کە بە بردنەسەری دەستەکە ئەوەی نووسیوتە دەپارێزرێ.





# رکابەرێکی نوێ بـــۆ بازنە سمارتەکان

دەستبەندی سمارت، یان بڵێین بازنی هۆشمەند زۆر لەمێژ نییە لە جیهانی دیجیتالیدا هاتۆتە مەیدانەوە، دەستبەندێکی گرنگ بەڵام کەم کەس بەکاری دێنێ. ئەرکی گرنگی بازنە سمارتەکان چاودێری تەندروستی بەکارهێنەرەکەیەتی. وەك چۆنییەتی لێدانی دڵ، هەنگاوژمارتن و وزەی سووتێندراو ومەودای راکردن و..تاد.

بازنەکان کاتژمێر نین، بەڵکو وەك بازن یا بەندی کاتژمێر دەچن، سەرەڕای جوانیان ئەو ئەرکانەی ئاماژەشیمان پێدان ئەنجام دەدەن.

بازنی سمارتی جۆری Garmin Vivosmart3 یەکێکە لەم بازنە سمارتانە..

بازنی گارمێن ڤیۆ دیزانێکی سەرنج راکێشی هەیە، شاشەیەکی شێوە هێلکەییە، تەنیا یەك رەنگی هەیە، بۆ چالاکی ورەزشی یاریدەدەرە، بۆ نموونە لە کاتی وەرزشی ئاساندا ژمارە بەرزکردنەوەکان دەژمێرێ، تەنانەت پێت دەڵێت کە جەستەت چەندی ماوە رێك بێت و چەندە پێویستت بە راهێنانە. یارمەتیت دەدات بۆ راهێنانی هەناسەکێشان، ئینفۆگرافیكێك لە چۆنییەتی سترێسی رۆژانەت نیشان دەدات، ئەوکاتانەی پێویستت بە پشوودان بێت دەڵێت بەسە بۆ ماوەی ئەوەندە خولەکە پشوو بدە. بە گشتی مامۆستا و راهێنەرێکی وەرزشییە.

# شەحنکەرەوەیەکی بێ وایەر بۆ هەموو مۆبایلێک

شەحنکەرەوەکانی مۆبایل ئەوانەی بە وایەرن هەموویان سیستەمی کارکردنیان وەك یەکە، وایەرێك لە کارەباوە دێت و لە شوێنی usb موبایل دەخرێت و شەحن دەبێتێەوە.. بەڵام کۆمپانیایەك هەوڵی داوە ئەم جۆرە شەحنکردنەوەیە بگۆڕێ بە شەحنکردنەوەی بێ وایەر... مەبەست لە بێ وایەر ئەوە نییە لە رێگای شەپۆلی موگناتیسیەوە شەحن بێتەوە. بەڵکو شوێنێك بێت مۆبایلی لەسەر دابندرێ و شەحن بێتەوە.

شەحنکەرەوەی جۆری Autodock ستاندێکە کە موبایلەکە دەچێتە ناوی و ئیدی بەهۆیەوە بارگاوی دەبێتەوە. لە خوارەوەی شەحنکەرەوەکەدا شوێنی تایبەت بە usb C ، مایکرۆ یوئێس بی, لایتینگ هەیە تاکو بۆ هەموو جۆرە مۆبایلێك بگونجێت. گرفتێکی سەرەکی کە لە شەحنکەرەوەکەدا هەیە ئەوەیە کە دەبێت شوێنی شەحنکردنەوەی لە مۆبایل لە خوارەوە بێت واتە ئەوانەی شوێنی شەحنکردنەوەیان لە لای چەپ وراستە بۆ ئەوان ناگونجێت.

تایبەتمەندیەکی شەحنکەرەوەکە ئەوەیە کە پشتیوانی لە خێرا شەحنکردنەوە واتە quick charge دەکات و هەروەها دەکرێت بەهۆیەوە فایلەکان بۆ کۆمپیوتەر بگوازیەوە.





## لینۆڤۆ فلێکس ١١ و تایبەتمەندی باش

کۆمپانیـای لینۆڤـۆ بەبـەراود بـە کۆمپانیـای مەزنـەکان مێژوویەکـی لەمێژینـەی نییـە بـەڵام توانیویەتـی هەنـگاو بـە هەنـگاوی ئـەوان بـروات. لـەم ماوەیـەدا جۆرێـك لـە لاپتـۆپ – تەبلێتـی بەرهـەم هێنا کە ٣٦٠ پلە بە دەوری خۆیدا دەسـورێتەوە. بەکارهێنـەر هەرکاتێـك نیـازی بـوو تەبلێتەکـە بـکات بـە لاپتۆپ دەتوانێ شاشەکەی لێبکاتەوە.

تایبەتمەندییەکانـی ئەوانـەن: یەکـەی لێکـدەرەوەی ناوەنـدی ٤، خێرایی ١,٢ گێگاهێرتز. رام ٤ گێگابایت. میمۆری ٣٢ گێگابایت لەگـەڵ دانانـی میمـۆری دەرەکیش. وای فای. لـە هەردوو پۆرتی USB و جۆری mini usb سوود وەردەگرێ.

کامێراکـەی جـۆری HDیـە. هەرکاتێك شـەحن بکەیەوە هەتا ١٠ کاتژمێـر دانابەزێت. کێشـی تەنیـا ١,٣٥ کیلۆیە. ... خاڵی گرنگی تەبلێت –لاپتۆپەکە ئەوەیە کە نرخەکەی بە بە راورد بە تەبلێتی دیکە هەرزانبابیە..

## خێراترین کـ

سـۆنی بـۆ ئەو کەسـانەی کامێـرای دیجیتالی بەکار دێنـن ناوێکی نامۆ نییـە. کۆمپانیا ناوبراو لەم ماوەیەدا کامێرای A9 ی بەرهەم هێنا کە بێ ئاوێنەیە و کوالیتی ٢٤ میگاپیکسلە. بەڵام کامێرایەکی خێرایە و بۆ کاری ئەکشن و وەرزشی سوودی لێوەردەگیردرێت.

خـودی سـۆنی لەبـارەی کامێـرای A9 دەڵێـت «پێشـکەوتووترین کامێـرای دیجییتالـی کـە تا ئێسـتا بەرهـەم هاتـووە« بـەڵام مەبەسـتی تەنیـا کۆمپانیـای خۆیانـە یـان گشـت کۆمپانیایـەك ئـەوە سـۆنی دەزانێت مەبەستی چییە.

## هەر جارە و وەڵامی پرسیارێک



**خوێنەرێکی بەڕێز دەپرسێت ئەگەرچی مۆبایلەکەم شتێکی وای تێدا نییە کەچی کاتێك پرۆگرامێك دادەبەزێنم پەیامێك دێت دەڵێت جێگات نەماوە بە ئینگلیزیەکەی ئاوا دەنووسرێ (insufficient storage available) بۆ چارەسەری ئەمە چ بکەم؟**

خوێنەری بەڕێز، ئێمە زۆجاران بە هەڵە رام و میمۆریمان لێ تێکدەچێ، میمۆری دەکرێت هەتا ٢٥٦ گیگابایتیش بێت بەڵام رام ٢ هەتا ٤ گیگابایتە.. ئەو پرۆگرامانەی دەیانکەیەوە و دایان ناخەیەوە لـە رامەکـەدا دەمێننـەوە، ئـەوە جێـگا دەگـرێ بـە ماوەیەکی کەم پڕ دەبێـت.. بۆیە لەکاتی ئاوادا تووشـی ئەو گرفتە دەبی بۆ ئەم مەبەستە دەبێ هەر پرۆگرامێك کە کردۆتەوە دایبخەیەوە.. جگە لەوەش میمۆری کاتی واتە ئەو پرۆگرامە دەکرێنەوە شـوێن پێی خۆیان بەجێ دێڵن بسـڕیەوە.. گرفتەکەت چارەسـەر دەبێت.. جێگای بیرهێنانەوەیە ئەوانە تەنیا شێوازێکن ئەگینا هۆکاری دیکەش هەن بۆ نیشاندانی ئەو پیامە.



## گوگل ئێرت و تایبەتمەندییە گرنگەکانی

کەم کەس هەیە نەزانێت گوگل ئێرت چییە، خزمەتگوزار کۆمپانیای گوگل بۆ دۆزینەوەی نەخشەکانی جیهان.. لەم رۆژانەدا بە بۆنەی یادی رۆژی زەوی، جارێکی دیکە گوگل گۆڕانکاری نوێی لەم خزمەتگوزارییەدا پێکهێنا.

بۆ نموونە ئێستا بەکارهێنەران دەتوانن شوێنە تایبەتییەکان بەشێوەیەکی سێ دۆری ببینن.. وەك ئەوەی کە لە فڕۆکەیەك دابی و بەسەر زەویدا بسوڕیەوە.. دیمەنەکان.. دراستان و رووبارەکان، شارەکان بەوجۆرەی کە هەن سەیری دەکەی.

تەنانەت هەرکاتێك لەسەر شوێنێك رایدەگری زانیاری گرنگ سەبارەت بە و شوێنە نیشان دەدات. لەم ڤێرژنە نوێیەدا بەکارهێنەر دەتوانێ گەشتێکی ڤیدیۆی بۆ شەش ژینگەی جۆراوجۆر بکات.

دوگمەیەکی تێدایە بەناوی I’m Feeling Lucky واتە خۆم و شانسم.. هەرکاتێك دایبگری دەبات بۆ شوێنێکی چاوەڕوان نەکراوە بۆ نموونە ماڵێکی ئۆپێرا لە ئیتالیا، کانییەکی ئاوی گەرم لە ژاپۆن. یان چیایەکی مەزن لە شوێنێکی جیهان..

ڤێرژنی نوێی گوگل ئێرت هەتا گەیشتۆتە ئەم قۆناغە دوو ساڵ کاری بەردەوامی ویستووە.. جوگرافیناسان و توێژینەوەر و لێکۆڵەرەوانی زەوی ناسی کاریان لەسەر کردووە.



## ـــــامێرای سۆنی

تایبەتمەندییەکانی ئەوانەن، ٢٠ فرێم لە چرکەیەکدا بەبێ لەرزین و تێکچوون. دواکەوتنی سوژە (مەبەست) بە خێرایی ٦٠ ئۆتۆ فۆکس لە چرکەیەکدا. دۆزینەوەی دیمەن (ڤیۆ فایندەر).. ئەو تایبەتمەندییانەی وایکردووە لە کامێراکانی دیکەی هاوشێوەی خۆی پێش بکەوێتەوە.

بۆ کاری فیلم هەڵگرتنەوە، فوول هەستەوەرە، روونی K٤ە هەرچەندە لە k6ش نزیك بۆتەوە. شوێنی دوو کارتی SD هەیە بۆیە بەکارهێنەر هیچ کات تووشی گرفتی میمۆری نابێت. شوێنی دانانی دوو باتری هەیە و هەتا ٩٥٠ وێنە تووشی گرفت نابی.



## لەم سایتەدا بە زمان و زاراوەکانی جیهان ئاشنابە

ماڵپەڕی زۆر لە جیهانی مەجازیدا هەن کە زانیاری باشیان تێدایە یان دەتوانن ببنە مایەی سەرگەرمی و خۆپێوەخەریك کردنیان، سایتی Localingual هەردوو ئەم تایبەتمەندییەی هەیە. ئەم سایتە لەلایەن گەشتیارێك (تۆریست)ەوە بەرهەم هاتووە. کاتێك سایتەکە دەکەیەوە نەخشەی تەواو جیهان لەبەرچاوە و بە هەڵبژاردنی هەر وڵاتێك دەتوانی لەگەڵ زمان و شێوەزارەکانی ئەم وڵاتە ئاشنا بی ئەویش بە دەنگی خەڵکی ناوچەکە، جگە لەوەش سرودی نیشتمانی هەر وڵاتێك لە بەشی تایبەت بەخۆیدایە.